# گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق؛ لەنیوچوونی دار و کەوتنەوەی ئاگر و سووتانی پووش و پاوان

20-08-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەپێی داتاکانی چاودێری دارستانی جیهانی GFW، عێراق لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2022 عێراق 137 هێکتار[1] زەوی داپۆشراو بە دار لە لەنیوچووە و بەتەنیا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 22 هێکتار بووە و 115 هێکتارەکەی دیکە بەهۆکاری جیاواز بووە. ئەو ساڵەی زۆرترین لەدەستدانی دار و رووبەڕی سەوزایی تێدا لەنێوچووە لە 2003دا بووە کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 7 هێکتار زەوی رووپۆشراو بە دار لەنێوچووە.

## بەرایی

لەنیوچوونی دار و نەمانی رووپۆشی سەوزایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکە کەوا ساڵانە 100 کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکەکەی دەبێتە بیابان، ئەویش لەکاتێکدا ڕێژەی 40% خاکەکەی بۆخۆی بیابانە. ئەم بە بیابانبوون و لەنیوچوونی سەوزایی و کەوتنەوەی ئاگرە جگە لە لێکەوتە درێژخایەنەکانی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی زەوی کشتووکاڵی لە عێراق لە ڕێژەی 12.2% بۆ 8.3% و زیادبوونی بەهەڵمبوونی ئاو و لەنیوچوونی جۆگە، رووبار و رێڕەوی ئاوی کە هەموو ئەمانەش عێراق دەخاتە دۆخێکی نوێیەوە لەڕووی کەشوهەواوە.

بەپێی داتاکانی چاودێری دارستانی جیهانی [1]GFW، عێراق لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2022 عێراق 137 هێکتار[1] زەوی داپۆشراو بە دار لە لەنیوچووە و بەتەنیا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 22 هێکتار بووە و 115 هێکتارەکەی دیکە بەهۆکاری جیاواز بووە. ئەو ساڵەی زۆرترین لەدەستدانی دار و رووبەڕی سەوزایی تێدا لەنێوچووە لە 2003دا بووە کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە 7 هێکتار زەوی رووپۆشراو بە دار لەنێوچووە.

---

[1] دامەزراوە فەرمییە نیوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق داتاکانی GFW پشتڕاست ناکەنەوە، لەوانەیە داتاکان جیاوازی تێدابێت بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی جیاواز بۆ کۆکردنەوەی داتا.

هەروەها، لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتووکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەی 2009 بۆ 2022دا "1 ملیۆن و 224 هەزار دۆنم دارستان، پووش و پاوان سووتاوە"، کە بەهۆی بەرزی پلەکانی گەرما، بەردەوامبوونی جەنگ ، نەبوونی هۆشیاری و کردنەوەی ئاگری بەئەنقەست بووە.

لەڕوویەکی دیکەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەساڵی 2000دا لە عێراق 9 هەزار و 800 کیلۆمەتر دووجا خاکی بە بیابانبوو هەبووە، بەڵام دوای 14 ساڵ گەیشتووەتە سەروو 14 هەزار و 400 کیلۆمەتر دووجا، ئەمە لەکاتێکدا لە دەیەی رابردوودا لەنیوچوونی دار، وشکبوونی زۆنگاوەکان، کەوتنەوەی ئاگر و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما زیاتر بووە و پێیناوەتە قۆناخێکی نوێوە.

لەڕاستیدا نەمانی سەوزایی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بەرزی پلەکانی گەرماوە هەیە، هەربۆیەش لەم رۆژانەدا شارەکانی عێراق بەرزترین پلەکانی گەرمای لەسەر ئاستی جیهان تێدا تۆمار دەکرێت، لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکانی دەزگای گۆڕانی کەشوهەوای یەکێتی ئەوروپا C3S مانگی رابردوو لە جیهان گەرمترین مانگ بووە تاوەکو ئێستا کە ریکۆرد کرابێت، بەشێوەیەک ئەو مانگە بەتێکرا 0.72 پلەی سیلیزی گەرمتر بووە لە ساڵانی 1991-2020 و، بەتێکڕاش 1.5 پلەی سیلیزی گەرمتر بووبێت لە ساڵانی 1850-1900. ئەگەر پلەکانی گەرمای عێراق بەراورد بکەین بەو دوو ماوەیە ئەوا دوو هێندەی ئەوەیە کە لە جیهان دا روویداوە.

لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە هەڵسەنگاندنەدا، هەڵوەستەیەک لەسەر گۆڕانکارییە ژینگەییەکانی لەنیوچوونی دار، ڕێژەی سەوزایی، ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان، کاریگەری بەردەوامی جەنگ و بە بیابانبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو.

## لەنیوچوونی دار و رووپوشی سەوزایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

عێراق 28.6 هەزار هێکتار زەوی رووپۆشکراو بە دار هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا تەنیا 9.46 هەزار هێکتار زەوی رووپۆشکراو بە دار و سەوزایی زیادیکردووە، کە دەکاتە ڕێژەی 0.1% جیهان، لەکاتێکدا ئەو رووبەرەی ساڵانە لەنیو دەچێت چەند هێندەی ئەوەیە ساڵانە زیادبووە. بڕوانە گرافیکی یەکەم لەبارەی دار و دارستانی جێگیر و بەدەستهاتوو لەسەر ئاستی هەموو عێراق.

گرافیک 1: دار ناوچەی سەوزایی جێگیر و بەدەستهاتوو لەسەر ئاستی عێراق / هێکتار




تێبینی، ئەم داتایانە ماوەی نێوان ساڵانی 2000-2020، لە سێ ساڵی رابردوودا گۆڕانکاری زیاتر روویداوە

بەپێی داتاکانی GFW لە ماوەی ساڵانی 2001-2019دا بەرێژەی 0.78% یاخود 137 هێکتار دار و زەوی رۆپۆشکراو بە دار لە عێراق لەنیوچووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرەڕای بەرزبوونەوەی ژمارەکانی ئاگرکەوتنەوە، بەڵام ساڵ بەساڵ و بەتایبەتیش لە 2008وە تاوەکو ساڵی رابردوو لەنیوچوونی دار کەمیکردووە وەکو لە گرافیکی دووەم دا هاتووە.

گرافیک 2: لەنیوچوونی دار لە عێراق لە ماوەی نێوان 2001 -2019 بە هێکتار



هکتار
25.00
20.00
15.00
10.00
5.00
0.00
16.03
10.62
19.62
4.42
4.56
6.24
10.33
17.80
15.80
13.42
3.29
9.13
2.53
1.49
0.49
0.98
0.06
2001 2002 2003 2004 2005 2006 2007 2008 2009 2010 2011 2012 2013 2014 2016 2017 2019

هەروەها، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەڕووی دار و دارستانی جێگیر و بەدەستهاتوو پارێزگای هەولێر لەهەموو پارێزگاکان باشترە و پارێزگای کەرکووک لەهەموو پارێزگاکان خراپترە، بەشێوەیەک هەولێر خاوەنی زۆرترین دارستانی جێگیرە، دوای ئەویش پارێزگای دهۆک دێت، لە بەرامبەردا کەرکووک تەنیا 3.14 هێکتار دار و زەوی رووپۆشکراوی بەداری جێگیر و 2.2 هێکتار دار و سەوزایی بەدەستهاتووە کە کەمترینە لەسەر ئاستی هەموو عێراق و هەرێمی کوردستان.

گرافیک 3: زەوی رووپۆشکراو بە دار و سەوزایی جێگیر و بەدەستهاتوو لە پارێزگاکانی عێراق




## کەوتنەوەی ئاگر لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی داتاکان و سیستەمی VIIRS لەکۆتاییەکانی مانگی شوبات وەرزی ئاگرکەوتنەوە لە عێراق دەستپێدەکات و بۆماوەی 40 هەفتە بەردەوامدەبێت، بەشێوەیەک بەتەنیا لەماوەی نێوان 8ی ئاب 2022 تاوەکو 7ی ئاب 2023 لەهەموو پارێزگاکانی عێراق 18 هەزار 442 رووداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمارکراوە، بەگشتیش بە بەراورد بەساڵانی پێشووتر ئەم ژمارەیە زۆر زیادیکردووە.

هەروەها، لەماوەی نێوان ساڵانی 2001 تاوەکو 2022 نزمیکەی 22 هێکتار زەوی رووپۆشکراو بە دار سووتاوە و 115 هێکتاری دیکە

بەهۆکارەکانی دیکە لە عێراق لەنیوچووە، هەروەها تاوەکو ئێستا بەرزترین ڕێژەی لەنیوچوون بەهۆی ئاگرەوە لەساڵی 2003دا بووە کە 7 هێکتار بووە.

هاویمی ئەمساڵ، بەتایبەتیش لەکۆتاییەکانی مانگی حوزەیران تاوەکو هەفتەی یەکەمی مانگی ئاب ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان لە عێراق دوو هێندە و بگرە زیاتریش بووە، بەشێوەیەک کە لەساڵی 2012 تاوەکو 2022 هەفتانە نەگەیشتووەتە سەروو پێنج هەزار، بەڵام لەئەمساڵدا سەروو 25 هەزار ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی تێپەڕاندووە، بڕوانە گرافیکی 4 لەبارەی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە عێراق.

گرافیک 4: ژمارەی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە بەپێی هەفتەکانی ساڵ لە 2012 بۆ 2023 لە عێڕاق



# سووتانی دار، پووش و پاوان لە هەرێمی کوردستان

سووتانی ناوچە جیاوازەکان و کەوتنەوەی ئاگر لە ناوچە سەختە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکە کە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا هەفتانە رووداوی سووتانی دار و رووبەری پووش و پاوان هەبووە، کە رووبەری ئاگرەکان بەخێراییەکی زۆر تەشەنە دەکات، کە ئەمەش تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتیش لە ئەو وڵاتانەی دارستان چڕی تێدایە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە رووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە روو لە هەڵکشانە.

هەر سەبارەت هەرێمی کوردستان، بەهۆی کەمبوونەوەی باران بارین و زیادبوونی رۆژە گەرمەکانی ساڵ، لە ماوەی 13 ساڵی رابردوودا سەروو 1 ملیۆن و 224 هەزار دۆنم دارستان و پاوان سووتاوە، بەشێوەیەک بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارستان لە وەزارەتی کشتووکاڵ ساڵی 2015 زۆرترین رووبەری دار، زەوی رووپۆشکراو بە دار، پووش و پاوان سووتاوە، کە لەو ساڵەدا گەیشتووەتە 314 هەزار دۆنم.

بەپێی داتا بەردەستەکان بۆ رووداوەکان، کەمترین رووداوی سووتانی دار، پووش و پاوان لە هەرێمی کوردستان بەرووداوی سرووشتی بووە، بەڵکو ئەو هۆکارانەی لە ماوەی دەیەی رابردوودا بوونەتە هۆی لەنێوچوونی دار و رووبەری سەوزایی رووپۆشکراو بەدار: بەپلەی یەکەم سەربازی و چالاکیی مرۆیی بوون، دیارترینیان بۆردوومان و هێرشی سەربازی دەوڵەتانی دراوسێ بوو بۆ سەر ناوچە سنورییە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان کە هۆکارێکی سەرەکی سووتان و لەنێوچوونی دارستانەکانی هەرێمی کوردستانن، هەروەها لەڕووی کاریگەرییەکانی جەنگ و بۆردوومانەکانەوە، بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی پاکس تەنیا لە ناوچە شاخاوییەکاندا 49 هەزار و 568 دۆنم رووبەری سەوزایی بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیا و شەڕی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دا سووتاوە، 22 هەزار و 659 دۆنم لەو رووبەرە دەکەونە ناوچە پارێزراوەکان لەڕووی سرووشتییەوە. بەتەنیاش لەماوەی مانگەکانی ئایار بۆ ئەیلوولی ساڵی 2020، رووبەری 298 هەزار و 750 دۆنم پووش و پاوان سووتاوە ([2]).

لە ئاستی نێوخۆییشدا، کەوتنەوەی ئاگر و نەبوونی هۆشیاری، هەبوونی کانە خەڵۆز و بڕینەوەی دار لە زستان لە ئەو هۆکارە مرۆییانەن کە لە پشت سووتان و لەنێوچوونی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان. بەتەنیاش لە رووداوی ئاگرەکەی قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر (ناوچەی باڵەکایەتی) (16ی ئاب 2023) 6 هەزار دار و نزیکەی 4 هەزار دۆنم پووش و پاوان سووتاوە و لەنێوچووە. ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارستان لە وەزارەتی کشتووکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، زۆرترین رووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە و سووتانی دار، پووش و پاوان لە پارێزگای سلێمانی بووە، وەک لە گرافیکی دووەم دا هاتووە.

گرافیک 5: سووتانی دار، پووش و پاوان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010 بۆ 2022




## کۆتایی

لە ئاداری ئەم ساڵ دا و لە کۆنفرانسی کەشوهەوا لە شاری بەسرە، سەرۆکوەزیرانی عێراق پلانی چاندنی 5 ملیۆن داری ڕاگەیاند، بەڵام بەپێی خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ پێنج مانگی سەرەتای ئەم ساڵ هیچ دینارێک بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەم کەرتەدا بۆ وەزارەتی ژینگە خەرجنەکراوە!

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و نەمانی دار و دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان و زۆنگاوەکان لەنێوەڕاست و باشووری عێراق کە بەشێکی گرنگی ئەم خاکە پێکدەهێنن لەئێستاوە کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە و نزیکەی حەوت ملیۆن عێراقی بەدەست لێکەوتەکانییەوە دەناڵێنن.

گۆڕانکارییەکان تەنیا سرووشتی نین، بەڵکو ڕۆڵی مرۆڤ و بەردەوامی جەنگ و ململانێیەکان بەتایبەتیش لە ناوچە شاخاوییەکان وایکردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمبوونەوەی دار و ناوچەی سەوز و ڕووپۆشراو بە دار کەمبێتەوە، بەشێوەیەک بەپێی ئامارەکان لە ماوەی دوو دەیەدا (1999-2018) ناوچەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە 23.46% دابەزیوە بۆ 12.44%.

کەوتنەوەی ئاگر لە مانگی تەمووزی ئەم ساڵ دا گەیشتووەتە بەرزترین ژمارەی لە دەیەی ڕابردوودا، بەشێوەیەک گەیشتووەتە سەروو 18 هەزار ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە کە لەلایەن مانگە دەستکردەکانەوە تۆمارکراوە لە هەموو عێراق، کە تەنیا لێکەوتە کورتخایەنەکانی وەک سووتانی دار و لەنێوچوونی دارە بەتەمەنەکان و زیندەوەرە جیاوازەکان و ئاوارەبوونی ئاژەڵدارە کێوییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو لە درێژخایەن دا دیاردەیەکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە کە کاریگەری تەواوی لەسەر ساڵانی دوای خۆی لەڕووی باران بارین و گەرمبوونی ئەو ناوچەیەوە دەبێت، کە پێدەوترێت لانینا و لە ساڵانی ڕابردوودا لە ئوستراليا ڕوویداوە.

لەکۆتاییدا، ئەگەر هەوڵەکان نەکرێتە کردار و ململانێیەکان کەمنەکرێتەوە و بەردەوامبن، ئەوا بەخێراییەکی زیاتر ماڵئاوایی لە ناوچە

سرووشتییە سەوزەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین. هەروەها لە بەشی داهاتوو و سێیەمی ئەم زنجیرەدا هەڵوەستەیەک لەسەر ژەهراویبوونی هەوا و دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و گازە زیانبەخشەکان لە عێراق و لێکەوتەکانی دەکەین.

**بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم  کلیک لێرە بکەن، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و لێکەوتەکانی**

**سەرچاوەکان**


Othman, A.A., Al-Saady, Y.I., Shihab, A.T., Al-Maamar, A.F. (2020). The Aeolian Sand Dunes in Iraq: A New Insight. In: Al-Quraishi, A., Negm, A. (eds) Environmental Remote Sensing and GIS in Iraq. Springer Water. Springer, Cham. https://doi.org/10.1007/978-3-030-21344-2_12

Hansen, M. C., P. V. Potapov, R. Moore, M. Hancher, S. A. Turubanova, A. Tyukavina, D. Thau, S. V. Stehman, S. J. Goetz, T. R. Loveland, A. Kommareddy, A. Egorov, L. Chini, C. O. Justice, and J. R. G. Townshend. 2013. “High-Resolution Global Maps of 21st-Century Forest Cover Change.”

Science 342 (15 November): 850–53. Data available on-line from: http://earthenginepartners.appspot.com/science-2013-global-forest.


---

[1] یەک هێکتار یەکسانە بە 10 هەزار مەتر دوو دووجا یاخود 2.471 دۆنم لە سیستەمی پێوانەکردن دا

[2] https://paxforpeace.nl/media/download/pax-environment-conflict-alert-iraq.pdf